## لێرە و لەوێ



# بۆ یەکەمجار لە عێراقدا

# خەڵاتی ڕێزلێنانی هونەری پێشکەش بەهونەرمەندی کورد زەکەریا عەبدوڵڵا دەکرێت

سەنتەری عێراقی ئەمڕۆ بۆ ڕووناکبیری و هونەری و ڕاگەیاندن بۆ یەکەمجار لە عێراقدا، بڕیارە لە هەولێری پایتەخت سیمینارێکی تایبەت بۆ ڕێزلێنان و خەڵاتکردنی هونەرمەندی لاو زەکەریا عەبدوڵڵا سازبکات وەک یەکەم هونەرمەندی گەورەو داهێنەری بواری ئاوازو گۆرانی، بەدروشمی (لەپێناو هەرچی زیاتر گرنگیدان بەهونەری هاوچەرخی کوردی).

**سیپان نانەکەلی**



## جارێ شوو ناکات

لەم ڕۆژانە هەواڵێک بڵاوکرایەوە گوایە کچە گۆرانیبێژی لوبنانی نانسی عەجرەم بەنیازە شوو بە پزیشکێکی ددان بکات، بەڵام ئەو ئەمەی بە پڕوپاگەندە وەسفکرد. نانسی تووڕە بوو بەو تۆمەت پێکردنەو گوتی: ئەگەر پڕۆژەیەکی لەوشێوەیەم هەبێ رایدەگەیەنم چونکە شتێک نیە شەرمی لێبکەم. راشیگەیاند بەلای کەمەوە تا ساڵێکیتر بیر لە شووکردن ناکاتەوە. دیارە چاو لەدوای نانسییە، چەند ڕۆژێک پێش ئێستاش نانسی لەگەڵ (یوسف حەرب)ی مێردی پێشووی نەجوا کەرەمی گۆرانیبێژ لە یانەیەکی شەوانە بینراوەو، پەیوەندییەکەیان توندو تۆڵ دیار بووە.

## درێژترین ئەمبولانس



بنکەی خزمەتگوزاری فریاکەوتنی دوبەی لە ئیمارات لەسەرەتای ساڵی داهاتوو گەورەترین و درێژترین ئەمبولانس بەکاردەهێنی بۆ چارەسەرکردنی برینداری کارەساتە گەورەکان. ئەو ئۆتۆمبێلە لە ئەڵمانیا دروستکراوەو نرخەکەی زیاتر لە ٦ ملیۆن درهەمی ئیمارتییەو زیاتر لە ٩ کەس لە یەک کاتدا دەگرێ و ئامادە کراوە بە ژوورێکی چاودێری وردو ژوورێکی نەشتەرگەری لەگەڵ دوو بەش بۆ تیشک و دەرمانخانە. سەقفی ئۆتۆمبێلەکە بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە ئامادە کراوە بۆئەوەی بریندارەکان لەڕێگەی فڕۆکەوە بگوازرێنەوە بۆ نەخۆشخانەکان. ئەمبولانسەکە پەیوەندی بەردەوامی هەیە لەگەڵ مانگە دەستکردەکان، بۆئەوەی لەڕێگەی کامیراو فاکس و ئینتەرنێتەوە سەرجەم ئەو زانیارییانە بگوازێتەوە کە لەنێو ئەمبولانسەکەدا لەکاتی نەشتەرگەرییەکاندا ڕوودەدەن.



أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٦ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:47 AM

## بەگاڵتە لە ٣٠ نهۆمەوە فڕێیان دایە خوارەوە



لە ڕۆژهەڵاتی چین چەند کەسێک گاڵتەیان لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیان دەکرد گوایە لە تەلارێکی سی نهۆمییەوە فڕێی دەدەن، بەڵام کار لەکار ترازاو لە دەستیان بەر بووەوەو کەوتە خوارەوەو گیانی لەدەستدا. لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا هاوڕێکانی ئەو کوڕە گوتیان: ئەو خۆی داوای کردووە لە پەنجەرەوە فڕێی بدەین، ئەوانیش ویستوویانە بیترسێنن.

## خێراترین نێردەری کورتەنامە

کچێکی سویدی تەمەن ١٧ ساڵ بەناوی (مای ئەسونسۆن) نازناوی خێراترین نێردەری کورتە نامەی پێبڕا. (ئەسونسۆن) لەماوەی ٦١ چرکەدا ٤١ کاراکتەری بەشێوەی کورتەنامە نووسی و لەکێبڕکێی خێراترین نووسەری کورتەنامە لەجیهاندا سەرکەوت، خەڵاتی کێبڕکێیەکە ٣٩٠٠ دۆلارە.

شایەنی باسە (ئەسۆنسۆس) گووتی: کە ئەو بڕە پارەیەی بۆی دەرچووە لە گەشتێکی بۆ وڵاتی فەرەنسا لەساڵی داهاتوو خەرجی دەکات. ئەسونسۆن لەرۆژێکدا ٤٠-٥٠ کورتەنامە بۆ هاوڕێیەکانی دەنێرێ.



## کاڵەک بە تامی لیمۆ

دوای ١٢ ساڵ لە هەوڵدان، ئیسپانییەکان لە بەرهەمهێنانی جۆرێکی نوێی شەمامە سەرکەوتن، کە لەشێوەیدا وەک ئەوەی پێشترە، بەڵام لە تام و چێژدا ئەو شەمامەی ئێستا تامی لیمۆی لێدێ و بڕێکی زۆر لە ترشی تێدایە کە ئەوەی دەیخوات وادەزانی لیمۆیە. ئەم شەمامەیە ئێستا لەبازاڕەکانی بەریتانی دانەی بە سی دۆلار دەفرۆشرێ.

## گەورەترین ئاژەڵی وشککراوە



ماسییەکی قرش کە ٧٣ ساڵ لەمەوبەر لە دورگەیەکی ویلایەتی نیویۆرک راوکرابوو، پاش تێپەڕبوونی ١٢ ساڵ خرایە بەر دیدی گەشتیاران، ئەم قرشە ٨ تەنییە بەدرێژی ٩٥٠ سانتیمەتر گەورەترین ئاژەڵی وشکبووی جیهانە.

## سەگێک دەبێتە دایکی بێچووە پڵنگەکان

لە ئەمەریکا سەگێک بۆتە دایکی چەند بێچووە پڵنگێک و شیریان دەداتێ. لەم دواییە پڵنگێک لە باخچەی ئاژەڵانی کانزاس، سێ بێچووی بوو، بەڵام نەیانیگرتە خۆی و شیری پێیان نەدەدا، بۆیە خاوەنی باخچەکە بەناچاری سەگێکی هاندا تاکو شیریان پێ بدات. ئەم سەگە میهرەبانە بەشێوەیەک ئەو بێچوانەی خۆشدەوێ تەنانەت ئامادە نییە بۆ ساتێکیش لێیان دوور بکەوێتەوە.





## راکردن بە پێڵاوی پاژنە بەرز!

لە شاری سۆفیای پایتەختی بۆلگاریا رکابەری راکردن بۆ ئافرەتان سازکرا بەمەرجێک پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بکەن. ئەم رکابەرییە کە ساڵانە ئەنجامدەدرێ مەرجی سەرەکی ئەوەیە پاژنەی پێڵاوی بەشداربووان لە ٩ سانتیمەتر کەمتر نەبێت، ئەمەش وا دەکات لەماوەی ٥٠ مەتری راکردنەکەدا هەندێکیان بەر ببنەوەو بێبەشبن لەو ١٥٠٠ یۆرۆیەی کە وەک خەڵات بۆ براوە دیاری کراوە.